

# وەهم و شوناس

نالی حەریفی کەس نییە ئولف و ئەلیفی کەس نییە
بەیتی رەدیفی کەس نییە تەفریقە نووسە گەپ دەکا –نالی-


وەهم و شوناس ناونیشانی کتێبێکی نوێی نووسەر و رۆشنبیر (یوسف عیزەدین)ە و لە ماوەی رابردوودا لەسەر ئەرکی خۆی چاپ و بڵاوی کرەوە. ئەم کتێبە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوی جیاجیای ناو کایەکانی مەعریفە و رۆشنبیری، لەگەڵ چەند چاوپێکەوتنێکی گرنگ، کە لە ساڵانی پێشوودا لەسەر پرسە گرنگ و هەنوکەییەکانی ئەدەب و فکر و دنیای نوێ لەگەڵیدا ئەنجام دراون، ئەو چاوپێکەوتنانە لە سات و زەمەنی جیاجیادا ئەنجام دراون و لە چەند شوێنێکی جیاجیاش بڵاوکراونەتەوە و پرسیاری کۆمەڵێک رۆژنامەنووسی ئاست جیاوازن، بەڵام یەک خاڵی هاوبەش کە تێیاندا زاڵە ئەویش بریتییە لە

وەڵامەکانی یوسف وەک ڕۆشنبیرێک، تێگەیشتنی فراوان و قوڵی نووسەر لە بەرامبەر پرسیارەکاندا بوونەتە دەریچەیەک، کە لێوەی خەیاڵ و فکر و زمان بەرەو دنیایەکی ترمان دەبەن و ئاشنامان دەکەن بە شتی زیاتر.

ئەم بەیتەی سەرەوەی نالی، هەر لە دەستپێکی کتێبی «وەهم و شوناس»دا و دواتریش بوونی لەسەر بەرگی دواوە، بەشێوەیەکی سەیر سەرنجمان ڕادەکێشێت، بەڵام کاتێک دەست دەدەینە خوێندنەوەی بابەت و دیمانەکان، دەبینین ئەم بەیتە بەتایبەتی و نالی بە گشتی پانتاییەکی تایبەتی لە ئاماژەپێدان و هێنانەگۆی نەوتراو و وتنی شاراوەکاندا داگیرکردووە.. پێدەچێت هێنانی ئەم بەیتە لەلایەن نووسەرەوە لەخۆڕا نەبێت و مەبەستی بێت کۆمەڵێک دەلالەت و تێڕامان و دنیابینیمان لێ بشارێتەوە، یان ڕەنگە ئەمە بەپێچەوانەوە بێت و مەبەستی بێت بانگهێشتمان بکات بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی کۆمەڵێک شتی نەزانراو و نەوتراو. بەهەرحاڵ ئەمە لێرەدا جێ دەهێڵین و سەرەتا بە گشتی ئاماژە بەوە دەکەین کە هەندێک گفتوگۆو بگرەو بەردەو کێشمانکێشی فیکری هێندە قووڵ هەیە کە دەتوانین بڵێین، بە تەواوی لەم دنیایە دەمانباتە دەرەوە، یان بابڵێین دەمانکاتە موسافیری ڕێگەی سەفەرەکان، هەر وەک «مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی» دەفەرمووێت:
(ئێمە لەناو زیندانێکداین و نابێت نغرۆی جوانکردنی ببین، بەڵکو دەبێت لێی هەڵبێین و سەفەر بکەین).

هەر بۆیە ئەو جۆرە دیالۆگە فیکرییە قووڵانەی کە هەر لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێدا، هەندێک جار دەبێتە مایەی گۆڕینێکی تەواوی سیستەمە مەعریفی و چەشن و شێوەو چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ سەرجەم ئەو چەمکانەی کە ساڵانێکە هەن و بوونەتە بەڵگەنەویست و دەستیان لێ نەدراوە، بۆ نموونە بیرمەندێکی وەک «کریشنا مۆرتی» یەکێکە لەو کەسانەی کە لە جێی خۆقەتیسکردن بە نووسینی بیروبۆچوون و تەرحەکانی، واتە لە جێی مومارەسەکردنی کردەی نووسین، دێت لە ڕێی گفتوگۆ و دیالۆگەکانەوە دنیایەک شتی نوێ دەهێنێتە ناو دنیای فیکرەوە، بەتایبەت ئەوانەی کە باکگراوندێکی عیرفانییانە دەکەوێتە پشت گفتوگۆ و دیالۆگە فیکرییەکانیان، بە چەشنێک کە مەگەر خوێنەرێکی نموونەیی و قووڵ لە خوێندنەوەو تێڕوانیندا بتوانێت پێ بە پێ لەگەڵی بڕوات، خۆ دیارە ئەگەر لەگەڵیشی نەڕوات ئەوە عاریفانە لە ڕێی ئەوەوە گەیشتووەتە شوێنێکی تر، هەر بۆیە کاتێک یەکێک لە عاریفەکان باس لە نوێژکردنی خۆی دەکات، نایشارێتەوە کە تەنها پاش وتنی «بسم الله» لە وشەی «الرحمن»دا ون دەبێت و دەچێتە ناو دنیایەکی تر، واتە بۆ ئەو عاریفە تەنها سێ وشە بەسە، یان بابڵێین تەنها یەک وشەی «الرحمن» بەسە، تا بچێتە ناو قووڵترین قۆناغەکانی عیرفان و عاریف بوون. هەر ئەم قووڵییەشە پێویستە ئەو کەسانەی کە گفتوگۆیان لەگەڵ سازدەکرێ خاوەنی بن، تا خۆیان و خوێنەر ببەنە دنیایەکی تر.. ئەی ئەگەر وا نەبێت، گفتوگۆ و دیالۆگ و وەڵامدانەوەی تەوەرەکان چ سوودێکیان دەبێت؟.

هەر وەک عاریفەکان ئاماژەی پێ دەدەن، فێربوونی هونەری ئاوخواردنەوە گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە فێری هونەری خۆتینووکردن ببین؟! جا




هەرچەندە بەتەواوی شیکارکردنی ئەم تێڕوانینە عاریفانەیە وەک زۆر تێڕوانینی تری ئەوان کارێکی سەخت و بگرە ئەستەمیشە، بەڵام وا لە دووتوێی ئەم کتێبی «وەهم و شوناس»ەی یوسف عیزەدیندا بە فراوانی لەگەڵ ڕۆچوونە مەعریفی و تەرحە فەلسەفییەکاندا دەستەویەخە ئەبینەوە... نایشارمەوە کە هەموو خوێنەرێک ناتوانێت بە تەواوی لێی تێبگات و شرۆڤەی بکات، چونکە لەودیو قووڵاییەکانەوە قووڵایی تر هەیە، لەبەر ئەوەی هەموو گفتوگۆ و وتارەکان وێڵی کەشف و دۆزینەوەی نەدۆزراو و نەزانراوە کەشفنەکراوەکانن، زۆرکات خوێنەر هەست ئەکات، لە شەوێکدایە و لەنێو کۆشکێکی بێ دەرگادا ونبووە، کەچی لە ڕاستیدا گەر خوێنەر شتێک سەری هەڵبڕێ دەبینێ شەبەقێک نوور لە سووچێکەوە شەوق دەداتەوە، ئەگەر بە ئارامگرتن و لەسەرخۆیی بەدوایدا بچێت، نەک هەر دەیباتە سەر یەک دەرگای کراوە، بەڵکو دەیباتە سەر ڕاڕەوێکی پڕ لە کۆمەڵێک دەرگای لەسەرپشت و ئاوەڵڵا.

کتێبی «وەهم و شوناس» پڕ لە ململانێ و هێنان و بردنێکی توندە لەنێوان چەمکی وەهم و شوناسدا، ئەمە لەکاتێکدا هەر خودی پێناسەکردنی هەر یەکێک لەو دوو چەمکە کارێکی ئاستەمە، چونکە هەندێک جار وەهممان لێ دەبێتە شوناس و هەندێک جاری تریش ئەوەی پێمان وایە شوناسە، لەڕاستیدا وەهمە!.

ئەم کتێبە کە لە دوو بەش پێکهاتووە، یەکێکیان دیالۆگ و ئەوی تریشیان وتار، ئەو وتە بەناوبانگەمان بیرئەهێنێتەوە، کە ئەڵێت:
«تەئویلی خۆت بکە»، واتە پێش هەموو شتێک خۆت بخوێنەرەوە، واتە ئەکرێ لەمیانی تەرحە فیکری و فەلسەفی و عیرفانییەکانی کتێبەکەوە، ئەو لەناو خۆماندا و خۆمان لەناو ئەودا ببینین، بەمەش لە سەرزارەکیبوون ڕزگارمان ئەبێت و کەم و زۆر ئەزموونی کۆمەڵێک شتی نوێ ئەکەین.

ماوەتەوە بڵێین کتێبی «وەهم و شوناس» سەرجەم گفتوگۆ و دیمانەکانی نووسەر نییە، بەڵکو تەنیا بەشێکییەتی و لە ٣٧٤ لاپەڕەدا جێی کراوەتەوەو لە چاپخانەی «یاد» بەچاپگەیەندراوە.

بۆ زانیاریی زیاتری خوێنەر، چاوپێکەوتنەکانی دووتوێی ئەم کتێبە لەلایەن ئەم نووسەر و ڕۆژنامەنووسانەوە ئەنجام دراون (توانا ئەمین، مەریوان هەڵەبجەیی، دانا فایەق، رابەر فایەق، ئیدریس عەلی، حەمە کاکەڕەش، کارزان رەحمان، ئامانج کەریم، سدیق عەلی، سۆران عەزیز، ستیڤان شەمزینانی) وتارەکانیشی بریتین لە (دانەری تێکست یان خودی تێکست، کورتە راڤەکارییەک سەبارەت بە نووسین، هێنانەگۆی زمانێکی لاڵ، پرسی گەنجان لە ئاست دنیایەکی نابەرابەردا).

بێگومان ناوی یوسف عیزەدین لە دنیای ئەدەب و ڕۆشنبیریی ئێمەدا نامۆ نییە بە خوێنەران، لە چەند ساڵی رابردوودا بەهۆی نووسینی چیرۆک و ڕۆمانەکانییەوە هاوکات وەک ڕۆشنبیرێکیش کە لە ساتەوەختە گرنگ و هەستیارەکاندا هەڵوێست و قسەی جدیی هەبووە، لەوانەش گرنگنتر ئەوەیە کە یوسف خاوەنی دنیابینی و بیرکردنەوە تێڕوانینی سەربەخۆ و تایبەت بە خۆیەتی، ناساندنی ئەم کتێبەش تەنها هەوڵێکی خاکیانەیە بۆ ئاشناکردنی خوێنەر بە یەکێک لە کتێبە گرنگ و پڕ لە زانیارییەکان.